شاری کەرکوک و قەڵاکەی کورد دروستیانی کردوون.. ڕزا شوان

شاری کەرکوک لە جوگرافیا و مێژووی کوردستاندا، شوێن و پێگەیەکی زۆر گرنگ و ستراتیژیی هەبووە و هەیە. لە دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ، ناوندێکی لەشکرتاری و بازرگانی و ئابووری بووە. دووەمین گەورەترین کۆگەی نەوتی یەدەکی جیهانی لە کەرکوک دایە. کەرکوک لەسەر ئاقیانووسێکی نەوت و گاز دایە. کەچی تا ئەمڕۆش کەرکوکییەکان بە بەرمیلێک نەوت و بوتڵێک گاز سوێیان دەبەستەوە. تا ئەمڕۆش نەوت و گازی کەرکوک، تەنها دووکەڵەکەی و بۆنەکەی بە کوردن. بگانەی هاوردەی نامۆ لە سایەی نەوتی کەرکوکدا حەساونەتەوە. بەنام کورد زۆقەی چاوی دێت و ماڵ لە خاوێن ماڵ حەرام کراوە. هەر لەبەر گرنگی پێگە و دەوەمەندیی خاکی کەرکوک، لە دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ، مێژوویەکی پڕ لە نەهامەتی و ململانێ و شەڕی نێوان ئیمپراتۆری و دەوڵەتانی داگیرکار هەبووە، لەسەر داگیرکردنی کەرکوک رووبان داوە.

کەرکوک کوردستانی بووە و کوردستانییە و هەر کوردستان دەبێت. شوێنەوارە دێرینەکان و بگرە و پاشماوە دێزراوەکانی ناوچەی کەرکوک، تۆژینەوەکان و مێژوونووسانی بڵایێن، بە بگرەوە سەلماندوویانە. کە کورد شاری کەرکوک و قەڵاکەیان دروست کردوون. ئەوەی نکووڵی و حاشا لێم راستییە دەکات، با سەری خەڵکی بکەشێت بە بەرددا.

کەرکوکییەکان لە کێن و لە ئەمڕۆدا، هەمیشە لە سەنگەرەکانی پێشەوی خەبات و شەڕش و بەرگریدا بوونە. سەرسەختانە پارێزگاریان لە کورد و کوردستان و لە شارەکەیان کردوون. لێم پێناوەشدا، سەرکردە و پێشمەرگە و ڕۆشنبیرێکی زۆریان گیانیان بەخشین. لە ئەمڕۆشدا، کەشەی کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان، کەشەی ناوەندی کوردن لە باشووری کوردستان دا. چارەسەری کەشەی کەرکوک، کلیلی چارەسەرکردنی هەموو کەشەکان و قەیرانەکانن لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عەرەقدا. تا چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دوابخرێت، ناکۆکییەکان و گرژییەکان قووڵتر دەبنەوە.

هەموو ئەو دانووسان و گفتوگۆ و ڕێکەوتنانەی لەگەڵ حکومەتە

یەک لە دوای یەکی عێراقدا شکستیان هێنان، بە هۆی کێرکوکەوە بووون. چونکە تا ئەمڕۆش شۆڤێنی عەرەبی، ئامادەنین کە دان بە کوردستانیی کێرکوکدا بنێن و کێرکوک بگەڕێنەوە بە سەر کوردستان. تا دێش زیاتر درێژە بەعەرەبکردنی کێرکوک دەدەن، بە زیاتر گۆڕینی دیموکرافیای ڕێژەی نەتەوەیی لە شاری کێرکوک و خانەقین لە بەرژەوەندیی نەتەوەی عەرەب. بەڵام تا کوردێک بمێنێت، ئەستەمە سازش لەسەر کێرکوک بکەین و دەستی لەهەڵبگرین. گەر دوو هێندەی تریش قوربانی بدەین.
خوالێخۆشبوو (مستەفا بارزانی) دەڵێت:"نامەوێ بمرم و منداڵێ کوردێک بە
لای گەڕەکەمدا تێپەڕێت و پێم بڵێت، بە دەستبەرداری کێرکوک بوویت".

بەبێ گەڕانەوەی کێرکوک بۆ باوەشی کوردستان، ناکرێت سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنرێت. چۆن لێش بێبە سەر دەژی؟!
کێرکوک کوردیێ و خاکی خۆمانە
بۆ کێرکوک دەوڵەت ئارا چۆمانە
پارێزگای کێرکوک:
ناوچەی کێرکوک، دەکەوێتە نێوان چیای زاگرۆس و هێردوو ڕووباری زێی بچووک و ڕووباری دیجلە و زنجیری چیای حەمرین و ڕووباری سیروان. هەمان ناوچەیە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا، بە (گەرمەکان) ناوبراوە. پێش ئەوەی کە پارتی بەعسی شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرست، دیموگرافیای پارێزگای کێرکوک بگۆڕێت و قەزاکانی (چەمچەماڵ، خورماتوو، کەفری، کەلاری) لە دابڕێت، ڕووبەری پارێزگای کێرکوک (٢١) هەزار کیلۆمەتری دووجا بوو. بەڵام لەدوای دابەشاندنی ئەو قەزایانە، لە ئێستادا ڕووبەری پارێزگای کێرکوک لە (١٠) هەزار کیلۆمەتری دووجا کەمترە. بەپێی سەرژمێریی (١٩٥٧) ژمارە کورد لە پارێزگای کێرکوک (١٨٧٥٩٣) بووە. ژمارەی تورکمان (٨٣٣٧١) بووە. ژمارەی عەرەب (١٠٩٦٢٠) بووە. ژمارەی کلدانی و سریانی (١٦٠٥) بووە. بەڵام ڕێژەی کورد لە سەرژمێریێکانی دواییدا، بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنی پارێزگای کێرکوک و تەمارنەکردنی ژمارێکی زۆری کورد، کەمکۆژی و ئینفالکردنی و ڕاگواستنەوەی کوردی کێرکوک بۆ هەولێر و سلێمانی، هاوردنی بە هەزاران خێزانی عەرەب لە ناوچەاست و لە خواروی عێراقەوە بۆ پارێزگای کێرکوک، بە تایبەتیش بە شاری کێرکوک و تەمارکردنیان لە تەماری سەرژمێریی کێرکوک، ڕێژەی کورد زۆر کەمی کردووە. ڕێژەی عەرەب

زەر زیادی کردووە. بە عەرەبکردنی کەرکوک لە ئەمەدا تەختر لە سەردەمی بەعس درێژەی هەیە. بە عەرەبکردنی کەرکوک، سیاسەتکی نەخشەداڕێژراوی نەگۆڕی شۆڤێنیی عەرەبی یە. بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوک، سیاسەتکی نوێی ئەم سەردەمە نەبووە. بەکو لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عەراق، لە ساڵی (١٩٢١) ەوە، دەستی پێکردووە، دوای دەزینەوە و دەرهێنانی نەوت و دامەزراندنی کەمپانی نەوتی باکوور لە کەرکوک، شارەزاوی بە عەرەبکردنی کەرکوک دەستی پێکرد. پێش ئەم مەڕووەش لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی، هەزی نعەمی روویان لە شاری کەرکوک کرد لەی نیشتەجێبوون، لە (١٩١٥) دا، حەدیدیێکان و حەمدانییێکان نیشتەجێی کەرکوک بوون. زەربەی تونژینەرکان، سەرەتای دەستپێکردنی راستیی بە عەرەبکردنی پارێزگای کەرکوک، بە سەردەمی وەزارەتکەی (یاسین ئەلهاشمی) دەگەڕێنەوە، کە لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەدا سەرۆک وەزیرانی عەراق بوو. کە عەرەبکی شۆڤێنی ڕەگەزپەرست بوو. ئەو هەزکانی جبووری و عوبەدیی لە قەزای حەویجەی کوردستانیدا نیشتەجێیانی کردن و پەڕەی کەناڵکی ئاوی کە (٥٥) کیلۆ مەتر درێژە، لە زەی بچووکەوە، لە نزیک شاری کەرکوکەوە، بە دەشتاییێکانی دەوروبەری حویجە ڕاکێشان، بە ئەوەی ئەو هەزە عەرەبانە نیشتەجێبن و خووبدەنە کشتوکاڵ. وەک چەن نەوتی کەرکوک خێری بە کورد نەبووە، ڕووبارەکانیشمان خێریان بە عەرەب هەیە. لە دروستبوونی دەوڵەتی عەراقەوە، حکومەتە یەک لە دوای یەکانی عەراق، بە حکومەتکەی ئێستاشەوە، درێژیان بە عەرەبکردنی کەرکوک داون و دەدەن. تا ساڵی (١٩٢١) دەوڵەتک نەبوو بە ناوی عەراقەوە. لە ڕاستیدا لە ساڵی (٦٤٢) زایینەدا، کەرکوک لەلایەن سوپای ئیسلامییەوە داگەرکرا. لە زنجیرە چیای حەمرین بەم دیودا، عەرەبی هەر لە نەبوو. هەر کوردی لێبوو.

دەربارەی مەڕووی تورکمانیش لە کوردستان و لە عەراقدا، مەڕوونووسی عەراقی (عەبدولڕەزاق حەسەنی) دەڵێت:"تورکمانی ئەم ناوچانە، لەو هەزانەی سوڵتان مرادی چوارمینن، کە لە ساڵی (١٦٣٨) ی زایینیدا عەراقیان لە سەفەویێکان سەندەوە، بە پارێزگاری پەوەندی نێوان ئیالەتە باشووری و باکووریێکانی تورک لەم ناوچانەدا مانەوە.

شاری کەرکوک:

شاری کەرکوک لە باشووری کوردستان دایە. یەکەکە لە شارە دێرین

و گۆرەکانی کوردستان. مێژووی دروستکردنی شاری کەرکوک بۆ زیاتر لە (٦٥٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. هەندێ لە مێژوونووسان پێیان وایە، کە یەکەم خشتی بناغەی شاری کەرکوک، لەلایەن (لەلەییەکان) ەوە دانراوە، کە باپیرانی کوردن. بەڵام زۆربەی مێژوونووسان و لێکۆڵینەوەکان و بەڵگە و کەرستە دێرینەیانەی لەسەر قەڵای کەرکوکدا دەزراونەتەوە، بەپێی تەماری سەمەریەکان کە بە رێنووسی مێخی نووسراوە. شاری کەرکوک زیاتر لە (٣٥٠٠) ساڵ لە پێش زایینی، بە ناوی (ئەرابخا) وە لەلایەن گەتییەکانەوە دروست کراوە و کردیان بە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی گەتی. گەتییەکان باپیرانی کوردن. کەواتە (ئەرابخا) یەکەمین و کۆنترین ناوی شاری (کەرکوک) ە. تا ئەمڕۆش گەڕەکێک لە شاری کەرکوک ناوی (ئەرفە) یە. کە بە ناوی ئەرابخاوە ناونراوە. بە بەرزاگرتن و لەیادنەکردنی یەکەم ناوی دێرینی کەرکوک (ئەرابخا). ئەمڕۆش بەڵگەیەکی هاشا هەنگرە بۆ کوردستانیی شاری کەرکوک.
دکتۆر (شاکر خەسباک) دروستکردنی شاری کەرکوک بۆ گەتییەکان دەگەڕێنێتەوە. پێی وایە هەر ئەوان ناوی (ئەرابخا) یان لێناوە.
زانا و نووسەری کوردمان مامەستا (تەفیق وەهبی) وای بۆ دەچی، کەوا (کەرکوک) شارێکی کۆنە و لە نووسراوە بزماریەکاندا، پێش شاری هەولێر ناوی هاتووە.
لە بارەی ریشەی ناوی کەرکوکیشەوە، بیروباوەڕی جیاواز زۆرن. کەرکوک لە دروستبوونیەوە لە لایەن گەتییەکانەوە تا ئەمڕۆ، بە چەند ناوێک ناوبراوە. وەک: (ئەرابخا، کارکێ، کورکورا، کورکورک، گوگوو، کەرخا ـ بەت سلێخ، کەرخینی باوگوگوو، کەرکوک). شایانی باسە، کە هەموو ناوە رەسەنەکانی شاری کەرکوک کوردین، یان لە ناوە کوردییەکانەوە داتاشراون. ئەمڕۆش بەڵگەیەکی تر، بە کوردستانیی شاری کەرکوک لە هەزاران ساڵەوە تا ئەمڕۆ.
دێرین شوناسانی عێراقی (تۆها باقر و فوئاد سەفەر) لایان وایە، ناوی (کەرکوک) لە (گەگە) ەوە هاتووە. کە ناوی ئەو شوێنەیە کە مەشخەڵی ئاگرەکەی کەرکوکی تێدا دەچی بە ئاسمانا.
لە سەرچاوە ئارامییەکاندا، ناوی کەرکوک بە (کەرخ ـ بەت سلێخ) ناونراوە. واتە شاری سلووقییەکان یان شاری شووڕەکراو. لە دوای مردنی ئەسکەندەری مەکەدۆنی (ئەسکەندەری گەورە) سەرکردەی یۆنانی (سلەقس) دەستیگرت بەسەر کەرکوکدا، قەڵاکەی نەژەن کردەوە و شووریەکی گەورەشی بە دەوری کەرکوکدا دروست کرد

و (٦٥) قولی بە چاودێری و بەرگری بە دروستکرد. دوو دەروازەشی بە دروست کرد. دەروازەی (شا) و دەروازەی (تووتی). سلووقییەکان ناوی (کرخا ـ بەت سلێخ) یان لێ شاری کەرکوک نا. دوایش کە کەرکوک لەلایەن ئیسلامەوە داگیرکرا، بە (کەرخینی) ناوی کەرکوکیان بردووە.

مێژوونووسی کوردمان دکتۆر (جەمال رەشید یەحمەد) وای بۆ دەچی کە "ناشی ناوی کەرکوک، کورتکراوەی ئەو ناوە ئارامییە بێ، کە لە سەردەمی ئیسلامدا، گۆڕاوە بە (کەرخینی). چونکە ئەم شارە بەر لەم سەردەمە بە ناوی (گوگو) ـەوە بووە. کە لاساییکردنەوەی دەنگی ئاگری چاڵە نەوتەکانی ئەم ناوچەیەیە. کە پاشان ناونراوە (بابەگوگو) بە دەوری پەرستگای (ئەناهیتا) ی کەندا بووون".

لە سەرچاوەیەکی تری کۆنی مئێژووییەوە، کە لە مێژووی سەمەریەکانەوە هاتووە، دەڵێت:"ناوی کەرکوک لە (کارکێ) ـەوە هاتووە. بە واتای کاری گەورە و ڕەکوپێک.

مامەستا (تەفیق وەهبی) دەڵێت:"ناوی (کەرکوک) لە (کەرێ = قەڵا) وەرگیراوە و پاشبەندی (وک)، کە بە بچووککردنەوە و خۆشەویستی و نازلێگرتن بەکاردێ، خراوەتە سەر وشەی وەرگیراوی یەکەم کە (کە ڕێ)ە. بەم جۆرە وشەی (کەرکوک) بەم شێوەیەی ئێستای، لەسەر ئەم بنەمایە جگیر بووە".

میدیەکان کە باوباپیرانی کوردن، کە لە ساڵی (٦١٥) ی پێش زایینی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریان ڕووخاند و شاری (نینەوا ـ مووسڵ) ی پایتەختیانی گرت. شای مادی (کەیخوسرەو) لە هەمان ساڵدا، شاری کەرکوکی لە ئاشووریەکان ڕزگارکرد. ناوچەی کەرکوک بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی میدیای کوردی. میدیەکان بە (کورکورک) ناویان کەرکوکیان بردووە. ئەمەش بەڵگەیەکی تر بۆ کوردستانیی کەرکوک.

(ژان ئەنازێ) نووسەری فەرەنسایی، کە لە ساڵی (١٧٧٤ ز) بە کوردستاندا تێپەڕیوە، لە بارەی کەرکوکەوە، دەڵێت:"کەرکوک پایتەختی ویلایەتی شارەزوور و بەشێکە لە کوردستان".

(شەمسەدین سامی) زانا و گەڕیدەی ناوداری تورک و خاوەنی فەرهەنگی ئەعلامی تورکی، لە لاپەڕە (٣٨٤٦) دا، لە بەرگی پێنجەمدا، باسی شاری کەرکوک دەکات و دەڵێت:"کەرکوک یەکێکە لە شارەکانی کوردستان سەر بە ویلایەتی موسڵ. سێ چارگی دانیشتوانەکەی کوردن. ئەوانی دیکەشی (تورک، عەرەب، جوولەکە، کلدانین). هەر ئەم نووسەرە، "کەرکوک بە گرنگترین شارەکانی کوردستان ناودەبات".

لەکوێنەوە و تەژینەوە و گواهی بڵایەنی تر زەرن، کە بە بەگوە، کوردستانیی شاری کەرکوک دەسڵمەنن.

خەی خاسە:

خەی خاسە یان چەمی خاسە، ناوکەی کوردییەکی رەسەنە واتای (باشە) یە. خەە خاسە، خەیکی گەورەیە. ناوی ئەو خەیە کە بە ناوەاستی شاری کەرکوکدا تێدەپەە و کەرکوکی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشی رەژهەات، یان بەشی گەورە، بەری قەا. بەشی رەژئاوا یان بەشی بچووک یان بەری قەریە. ئەم دوو بەشە بە پردەکی بەردین لەسەر خاسەدا بەیکەوە بەستراوون. لە ئێستادا پێنج پردی کەنکریتی لەسەر خاسەدا دروستکراون. سەرچاوەی ئاوی خەی خاسە لە گوندی (سەیدان)ی ناوچەی (شوان)ە. ئاوی چەند خە و چەند شۆکی تری گوندەکان تری ناوچەی شوان تەکەە بە ئاوی خاسە دەبن و لەلای گوندی (یاروڵی) یەوە، دەتە ناو شاری کەرکوکەوە. خاسە لە هاوینانەدا ئاوەکی کەمی پێدا دەەوات، بەام لە زستانانەدا ئاوەکی زیاد دەکات و دەەژێتە ناو رووباری دیجلەوە. لە نزیک گوندی (کەچەکی)ی شوان، بەربەستەکی باش لەسەر خاسە دروستکراوە، ئاوەکی زەری باران و لافاوی گلداوەتەوە. بووە بە سەیرانگایەک بە خەکی کەرکوک. دوور نییە کە قەاکەی کەرکوک، بە هەی ئەوەی کە خەی خاسە بە بەردەم قەادا تێدەپەەت. بە سوود وەرگرتن لە ئاوەکەی، قەا لەو شوێنەدا دروست کارابێت. بەربەستی خاسە، دەکەوێتە باکووری رەژهەاتی شاری کەرکوک. (١٠) کیلەمەتر لە کەرکوکەوە دوورە. لە ساەی (٢٠١١) دا تەواو بوو.

بەرزی بەربەستی خاسە (٦٢) مەترە، درێژیی (١١٦٠) مەترە. توانای گلدانەوەی (١٠٠) ملیەن مەتری سێجا ئاوی هەیە. بەشێک لە ئاوی خواردنەوەی کەرکوکی دابینکردووە. بە کشتوکاێیش سوودی لەوەردەگیرێت.

قەای کەرکوک:

قەای کەرکوک، یەکەکە لە قەا دێرینەکانی کوردستان. دەکەوێتە ناوەاستی شاری کەرکوک. کونترین بەشی شارەکەیە و گرنگترین شوێنەواری مەژوویی کەرکوکە. قەای کەرکوک، قەایەکی دروستکراوە، لەسەر گردەکی گەورەی خەدا دروستکراوە. بە دروستکردنی بە هەزاران تەن خۆیان، لە دەوروبەرییەوە بە هاوردوون، کە کارەکی گەورە و سەخت بووە. قەای کەرکوک (٤٠) مەتر بەرزە، شێوەیەکی چوار گۆشەیی هەیە، رووبەرەکەی (١٧٠) دۆنمە.

قەای کەرکوک سیمبولی شاری کەرکوکە. شوێنەکی ستراتیژیی هەیە.

دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بەشاری کەرکوک و بە دەوروبەری بەخشیوە. لە دەی کەرکوکیەکاندا شیرین و خۆشەویستە و گرنگی و پێگەیەکی تایبەتی و بەرزی هەیە.
قەڵای کەرکوک، لە کۆندا چوار دەروازەی سەرەکی هەبوو، دووانی لە ڕۆژهەڵات و دوانەکەی دیکە لە ڕۆئاوای قەڵا دا. لە ئێستادا دوو دەروازەی سەرەکیی هەیە. دەروازەی حەلەوا، ڕەنگە بە ناوی بازاڕی حەلواچیەکانەوە ناونرابێت. کە دەرگا سەرەکییەکەی دەکەوتە نێوان چاخانەی جووت قاوە و دوکانەکانی ئاسنگەرەکانەوە. دەرگای دووەم دەکەوتە ڕۆژئاوای قەڵاوە بە دەروازەی (تەپ) ناودەبرێت، بەرامبەر بە خێی خاسیە. تا ئێستاش دەروازەی سەرەکیی قەڵای کەرکوک. و بە پێپلاکەنە بەی سەردەکەون. لەو لایەیەی کە بە سەر شەقامی کەرکوک ـ سلێمانی دەڕوانێت. لە قەد و دامێنی قەڵادا، باخچەیەکی جوانی پێ لە گوڵزار و داری سێوز و چیمەن هەبوو. من کە قوتابی ناوەندی بووم، چەندین جار لە گەڵکی شەرجەوە، بە خوێندن و وێنەگرتن دەهاتم بە ئەو باخچە جوانە. بە داخەوە لەبەر ئاوەدانی و خزمەتنەکردنی و بێنەوەی دارەکانی، ئێستا نە باخچەکە ماوە و نە سێوزی، خەڵکی وشکی بەدەرەوەیە، لە چەند شوێنکیشەوە داماوە. چونکە پارتی بەعسی وێرانکار، پشتگوێیان خست و زیاتر لە (٦٠) ساڵ، نەک هەر قەڵا نەژەن نەکراوەتەوە، بەعسی شەقڵنی کە زانییان قەڵایەکی کوردە و هیچ پێوەندییەکی بە عەرەبەوە نییە، بەشی هەرزەری قەڵای کەرکوکیان بە شەقە ڕووخاند و فەڵیاندا. سەری قەڵا بوو بە مەڵگایەکی سەربازی و چاودێریی، بە سەرکوتکردنی خەڵکی کەرکوک. بە تایبەتی سەرکوتکردنی کورد لە کەرکوکدا.
مێژووی دروستکردنی قەڵای کەرکوک، بۆ زیاتر لە (٦٠٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێمە دەگەڕێتەوە. بەپێی زەربەی تۆژینەوەکان و سەرچاوە مێژوویەکان و ئەو بەڵگە دێرینە مێژوویانەی کە لەسەر قەڵای کەرکوک دەزراونەتەوە، بەبێی ئەو تەختە گڵینە سوورەوەکراوانەی کە بە ڕێنووسی مێخی (بزماری) لە سەریان نووسراوە. کە لە ساڵی (١٩٢٧) دا، لە قەڵای کەرکوکدا دەزراونەتەوە، کە بە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەمەریەکان دەگەڕێنەوە ـ سەمەریەکان بە ڕەچەڵەک کوردن ـ ئەو بەڵگانە ئاماژە بە ئەوە دەدەن، کە قەڵای کەرکوک دەکەوتە شاری ئارابخای پایتەختی گەتیەکان. واتە (کەرکوک)ی ئێستا. قەڵای کەرکوک، لەنێوان ساڵانی (٣٥٠٠ ـ ٤٥٠٠) پێش زایین، لەلایەن گەتیەکانەوە دروست کراوە. بە بەڵگەوە ئەم ڕاستییە سەلەمێندراوە.
دروستی کردنی قەڵای کەرکوک کارێکی سەخت بووە و ماوەیەکی زۆری

خایاندووە. بەیەکناوی (کارکەک) یان لەناوە. بە واتا کارەکی کەک و گەورە و مەزن و رەکوپەک و تەواو. وشەی (کارکەک) لە هەردوو وشەی لەکدراوی (کار) واتا ئیش و (کەک) واتا گەورە و تەواو دەت پەکهاتووە. کە دوو وشەی رەسەنی کوردین.

هەندەک لە مێژوونووسان و توژەنەران پەیان وایە، کە ناوی کەرکوک لە ناوی قەڵای کەرکوک (کارکەک) هاتووە. کە دوایی بووە بە کەرکوک. ئەم راستییەش ئەو ناڕاستی و بێچوونە هەڵانە پووچەڵ دەکاتەوە، کە گوایە قەڵای کەرکوک لەلایەن شای ئاشووریەکان (ئاشوور ناسربالی دووەم) لەنێوان ساڵانی (٨٨٤ــ٨٥٤)ی پێش زایینی دروستکراوە. چونکە زەربەی مێژوونووسان را و باوەڕیان وایە، لە ساڵانی (٣٥٠٠ ـ ٤٥٠٠) هەزار پێش زایینی، لەلایەن گەتیەکانەوە دروست کراوە. بە مەبەستی چاودێری و بەرگری و پاراستی شاری ئۆرابخای پایتەختیان، لە هێرشەکانی نەیارانیان. گەتیەکان بە شێوازێکی ئەندازیاری جوان، قەڵای کەرکوکیان دروست کردبوو. (٧٢) تاوەر (قوڵە) یان بە چاودێری و بەرگری هەبوو. هەندەک پەیان وایە، کە تونێلی نهێنیشیان لە قەڵادا هەبووە. بەڵام تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە.

قەڵای کەرکوک لە سێ گەڵەکی سەرەکی پێکهاتبوو، یەکەم، گەڵەکی (مەیدان) لە باکووری قەڵاکە دابوو. دووەم، گەڵەکی (قەڵا) بە (کەڵانی ئاغاکان) یش ناوبراوە، لە ناوەڕاستی قەڵادا بوو. خانووەکانی شاکان و فەرمانڕەواکان و سەرکردەکان، لە گەڵەکی قەڵادا بوون. گەڵەپانێک لە گەڵەکی قەڵادا هەبوو، کەبووندەوە و ئاهەنگ و بۆنەکانی لێدەکرا. سێیەم، گەڵەکی (گەرماو) لە باشووری قەڵاکەدا بوو. بەیە ناو نرابوو گەرماو، دوو گەرماوی خشتینی لێبوو، گەرماوی موسڵمانان و گەرماوی مەسیحییەکان. چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەسەر قەڵادا هەبوون، وەک: قوتابخانەیەکی شا غازی، قوتابخانەی مەیدان. چەند فەرمانگەیەکی حکومیشی لێبوو. سەرجەم نزیکەی (٨٠٠) خانوو لەسەر قەڵای کەرکوک دروستکرابوون،

بە بەردی سپی (قایە) و بە گچ و بە هێک و کەرپووچ دروستکرابوون. کورد و تورکمان و کلدانی و ئەرمەنی لە خانووەکانی قەڵادا دەژیان.

شوێنەواری قەڵای کەرکوک، لە چەند چینێک پێکهاتووە، شوێنەرووخاوەکان تەختکراونەتەوە، سەرلەنوێ خانوو و پەرستگەی

تازەیان لەسەریان دروست کردوونەتەوە. ئەمش بۆ هەی شەکانی، نەوان دەوەتانی هەشبەرەوە بوو.
بۆ نموونە: مەسیحییەکان پەرستگەی (پەغەمبەر دانیال) ی جوولەکەکانیان رووخاندوون و کەسایان لەسەری دروستکرد، ئیسلامەکانیش کەساکەی مەسیحییەکانیان رووخاند و مزگەوتیان لەسەری دروست کردوو.
گرنگترین شونەوارەکانی قەلای کەرکوک:
١ـ گەلەی پەغەمبەر دانیال: کە پەرستگەیەکی جوولەکەکانی کوردستان و عیراق
بوو. هەر لە تەنیشتی گەلەی پەغەمبەر (دانیال)، گەرەدوو پەغەمبەری تری جوولەکەکان هەبوون. گەلەی پەغەمبەر (حونین) و گوەی پەغەمبەر (عوزەیر) بوون.، هەرسێ پەغەمبەرەکە، پەغەمبەری جوولەکەکان بوون. چۆن هەرسەکیان کەوتنە شاری کەرکوکەوە؟ شای بابلییەکان (نبوخەزنەسەر) بە بیانووی ئەوەی کە جوولەکەکان، لە رەکەوتنەکەی نەوانیان هەگەلاونەتەوە. بە سوپایەکی زەبەلاحی بابلییەوە، هەلشی کردە سەر ئیسرائیل. کەمەکوژییەکی زۆری لێیان کرد. بە هەزارنیشی بە دیل لێیان گرت و هاوردیانی و دابەشیانی کرد بەسەر، وەاتی بابل و وەاتی مادی هاوپەیمانیان (کوردستان) هەرسێ پەغەمبەرەکە، کەوتنە شاری کەرکوکەوە و لەویدا کەچی دواییان کرد. گەلەکانیان لەسەر قەلای کەرکوک. بوون بە پەرستگەی جوولەکەکانی کوردستان و عیراق. گەلەکانیان لەیەک شوێن لەسەر قەلای کەرکوکدا بوون. لەلایەن کلدانی و مەسیحییەکانەوە رووخێنران و کەلەسایان لەسەریان دروست کرد. دوایش ئیسلامەکان ئەو کەلەسایانەیان رووخاند و مزگەوتیان لەسێیان دروستکرد.
٢ـ گومەزە شینەکە: بریتییە لە گومەزەیکی شینی نەخشێنراو (١٠) مەتر بەرزە و چوار تاقی تەدایە بە گەلەینی هەوا. ئەم گومەزە شینە، بەشیکە لە شوێنەواری مزگەوتکی گەورە. یەکێکە لە جوانترین و لە سەرنجراکێشترین شونەوارەکانی قەلای کەرکوک. بەیە ناونرابوو گومەزە شینەکە، بە رەنگی سەوز و بە زەریش بە رەنگی شین نەخشێنراوە. گوایە گەلەی کچێکی پاکیزەی تەدایە. چەند چیرۆکێکی ئەفسانەیی جیاواز، دەربارەی ئەم گەلە هەیە. بە پێویستی نازانم بیانووسم. بەشێک لە چینییە نەخشینەکانی ئەم گومەزەیە، عوسمانییەکان بردوویانن بۆ تورکیا.
لە ساڵی (٢٠٢٤) دا، لەناو چەند گەلەکی سەر قەلای کەرکوکدا، زیاتر لە (١٥٠) پارچەی جەراوجەری کۆن دەزرانەوە، کە مەژووی

بە زیاتر لە (٤٠٠٠) ساڵ بەر لە ئەمە دەگەڕێتەوە. ئەم کەرستە شوێنەوارییانە بایەخێکی میژووی گرنگیان هەیە.
بەجگە لەو دوو شوێنەوارە، چەند شوێنەوارێکی تریش، لە سەر قەڵای کەرکوک ماونەتە. بەڵام بەشی هەرە زۆری کشک و خانووکانی قەڵا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارتی بەعسی عەرەبی شۆڤێنیی و وێرانخوازەوە، تێخت کراون.
لە (١٩/ نیسان/ ٢٠٢١) دا، ڕێکخراوی یونسکۆ، قەڵای کەرکوکیان خستە لیستی کاتی شوێنەوارە جیهانییەکانەوە. ئەمەش بە هەی گرنگی ئەو فرە کولتووریییەی تێیدایە. کە بایەخێکی گرنگی مێژوویی و کولتووریی جیهانیان هەیە.
چەند ساڵێکیش خەڵکی کەرکوک، ئاگری نەورۆز لەسەر قەڵای کەرکوک دەکەنەوە. بە ئاڵای کوردستانەوە، ئاهەنگی جەژنی نەورۆز دەگێڕن. بەسەی ئاگری نەورۆز و مەشخەڵی باوگوگور پیرزبایی جەژنی نەورۆز لە یەکێتری دەکەن. ئەمەش پەیامێکە بە کوردستانیی کەرکوک.
چوونە سەر قەڵای کەرکوک، تەنها گوزەرێک نییە، بەڵکو سەردانێکی مێژوویی قەڵایەکی دێرین و ناسینی شارستانیەتی کەنە. لە ئێستادا، تەنها ڕەژانی شەمەڵ، لە کاتژمێری سێ بە حەوتی ئێوارە، ڕەپەدراوە، بە چوونە سەر قەڵای کەرکوک.
قەڵاکەی کەرکوک، لە گەرانی و فەلکلۆر و لە هەنراوەی کوریدا ڕەنگیداوەتەوە.
بە نموونە، ئەم سێ دێڕە فەلکلۆرییە:
تازە زانیوومە کەرکوک قەڵایە
خاکی قەڵایە زێڕ و تەڵایە
قەڵاکەی کەرکوک زیخ دانە دانە
ئەو کچە جوانە زۆڵفی دەکا شانە
قەڵاکەی کەرکوک بنەکەی بەشە
ماچی عەلمەدە بە پێوە خەشە
گەر قەڵاکەی کەرکوک بەتە زمان، دەبێت بە کوردی، چ ڕاز و بەسەرهاتێکی شیرین و تاڵی ڕۆژگار ڕابردووکانی کەرکوکمان بە بگێڕێتەوە. یان باسی چ شوێنەوار و بەگ و کەرەستەی دێرینی: لەلێیەکان و گۆتیەکان و هەرییەکان و میدییەکانمان بە بکات، کە تا ئەمەش لە ناخیدا هەیگرتوون و نەدەزراونەتەوە. یا دەبێت چ گەلێی و گازندەیەک بکات بە تاوانکانی ڕووخاندنی و هەوێدان بە چواشەکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردیی ڕەسەنی، لەلایەن ناحەزان و نەیارانی کورد و کوردستانەوە؟
بەڵام قەڵای کەرکوک، قەڵایەکی سەخت و خەڵاگری

کوردایەتی و مەردایەتییە. قەڵای کەرکووک، ماوە و دەمێنێت. زەر لە رقی ڕەشی ناحەزانی گەورەتر.

(*) بە ئەم نووسینەم، کەم و زۆر سوودم لەم پەرتووک و نووسینانە وەرگرتووە:

١ــ ناوچەی کەرکووک ــ هەوڵی گەینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە.
نووسینی: دکتۆر نوری تاڵەبانی ــ وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەمەدی مەلا کەریم.

٢ــ ئەرابخای ووڵاتی کوردەواری لە مێژوودا ــ سمکۆ بەهرەز محەمەد (ئێژی).

٣ــ لە کەرکووکەوە ــ موعتەسەم سالەیی.

٤ــ قەڵای کەرکوک دڵی لەدانی شارستانیەت ــ ڕۆژنامەنووس، شنۆ ئەلداودی.

٥ــ قەڵای کەرکوک ــ سایتی زانیاری ــ ئەسرا بورهان.


٦ــ مێژووی بنەچەی کورد ــ دکتۆر عەبدوڵا دارتاش.

٧ــ تەعریبی کەرکوک ــ دکتۆر شەڕش حاجی.

٨ــ ڕاپەڕینی کەرکوک ساڵی ١٩٩١ ــ پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلاری.

٩ــ کرکوک الارض والتاریخ ــ تألیف ــ برهان البرزنجی.



























وێنەیەکی جووڵەکانی گوندنشینەی گوندەکی کەرکوک ساڵی ١٩٣٤



بەندەوی خاسە لەسەر خەی خاسە